# دیاردەی پاراك ئۆپاما

ن/حسن براری

و/هێمن مەحمود

هەمموو ئاماژەکان بۆ ئەوەدەچن کە ململانێی کۆتایی لەسەر دواین پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا لەنێوان پاراك ئۆپاما و هیلاری کلینتۆن دایە، لەگەڵ باڵادەستی زیاتری ئەمەی دواییان بەپێ ی هەمموو ئەو راپرسیانەی کە تاوەکو ئێستا کراون.
وادەردەکەوێت کە هیلاری کلینتۆن بەمەساری ئەم رکابەرکێکردنە هەست بە ئاسودەیی بکات هەرچەندە هەندێك کەس دەیانەوێت پەراوێزی بخەن بەهۆی ئەوەی کە دەنگی بۆ شەڕی عیراق نەداوە،بەڵام لەهەندێ ناوەندەوە وەك پاڵێوراوێکی فەوقەلعادە سەیردەکرێت ئەویش بەهۆی شارەزاییە فراوانەکەیەوە بەپێچەوانەی پاراك ئۆپاماوە کە شارەزاییەکی وەهای نیە.
لەدواین دیمانەی تەلفزیۆنیاندا ئۆپاما ئەوەی خستە روو هەرکە بکرێتە سەرۆکی ئەمریکا و لەیەکەمین ساڵی سەرۆکایەتیدا بێ هیچ مەرجێك ئامادەیە چاوی بە هەریەك لەسەرۆکەکانی ئێران و کوبا و فەنزەوێلا و سوریا و کۆریای باکور بکەوێت ، بەڵام هیلاری وتی کە ئەو لەساڵی یەکەمیدا و بێ هیچ هەڵسەنگاندنێك کاری وەها ناکات.
ئەم دوو وەڵامە بو بە شەڕە قسە لەنێوانیاندا، ئۆپاما هیلاری بەوە تۆمەتبارکرد کە ئەو هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ بۆش وچینی دا (ئەمەش وێنەیەکی جواننیە لەلای جەماوەری دیموکراتەکان).
لە بەرامبەریشدا هیلاری ئۆپامای بەوە تۆمەتبارکرد کە ساویلکەیە لە سیاسەتی دەرەکیدا و وەڵامەکەشی زۆر نامەسئولانەیە.
دوور لەم شەڕە قسانەش کە واپێدەچێت روو لەهەڵکشاندا بێت،ئۆپاما دەیەوێت وەك پاڵێوراوێك لەپێناوی گۆڕاندا خۆی بخاتە روو، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم ئەوەیە کە ئەزمونی لەو مەسەلانەدا نیە کە پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەکییەوە.ئەم خاڵەش لەبەرژەوەندی هیلاریدایە کە ئەزمونێکی دەوڵەمەندی هەیە لەو بوارەدا بەهۆی ئەوەی کە ساڵانێکی درێژ لە کۆشکی سپیدا بوە و تاوەکو ئێستاش شەش ساڵە وەك سیناتۆرێك کاردەکات.
کێشەی هیلاری لە قسەکردن وچاوپێکەوتنەکانیدا ئەوەیە کە تەفاصیلی شتەکان ناخاتە روو،چونکە نایەوێت زۆر قسە بکات نەوەك بکەوێتە هەڵەوە و فرسەت و جیاوازی نێوان خۆی و ئۆپاما کەمتر بکاتەوە.
واشدەردەکەوێت کە قسەکانی ئۆپاما هیلاریان توشی نیکەرانی کردبێت و هێزێکی زیاتریان بە خاوەنەکەی دابێت تا زیاتر قسە لەسەر مەسەلە سیاسیەکانی دەرەوە بکات.
کلینتۆن و هەمموو ئەو پاڵێوراوەکانی دیکە خاوەنی ئەزمونێکن کە سەر بەبیرکردنەوەیەکی تەقلیدیانەیە لەسیاسەتی ئەمریکیدا،سەرەڕای گرنگیەکەی بەڵام ئەزمون هەر بەتەنها بەس نیە بۆ تەبەنیکردنی سیاسەتێکی حەکیمانە.
دور لەو هەمموو هێرشانەی کە دەکرێتە سەر ئۆپاما بەڵام ئەو بە فیعلی خۆی وەك پاڵێوراوی گۆڕان دەخاتە روو لەکاتێکا هەمموو پاڵێوراوەکانی دیکە لەهەردوو حیزبەکە وەها خۆیان نەخستۆتە روو.
هەربۆیە پاڵێوراوەکەی گۆڕان بۆ یەکەمجار ئەوە دەخاتە روو کە سەرۆکی ئەمریکا پێویستە خۆی لەگەڵ دوژمنەکانیدا دابنیشێت تەنانەت با لەساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیشیدا بێت.
دەتوانین لێرەدا ئەوە بڵێین کە ئۆپاما تاکە پاڵێوراوی ئەمریکیە هەست بەوە دەکات کە بەهێزی ئەمریکا لە پاشەکشەدایە وپێویستە گۆڕانکاری بکرێت،ئەمەش (هارولد ماکملان)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیای شکۆدارمان وەبیردەخاتەوە کە لەدوای کێشەی کەنداوی سوێس بو بەسەرۆك وەزیرانی وڵاتێکی گەورە نەوەك وڵاتێکی شکۆدار، و ئیدی بەریتانیا گەشت بەو بڕوایەی کە چیدی ناتوانێت تاك لایەنە دەست لەکاروباری وڵاتان وەربدات.

---

سەرچاوە/

سایتی (الغد ) ی ئوردونی